# ئێرەو ئەوێ ودیاردەی "کوشتنی ناموسی ژنان"..
# کوردستانی عێراق وەك نمونەیەك

### قسەو باسیک لەکۆنفرانسیکی ژناندا لەسوید

بەریزان ئەم کاتەتان باش سەرەتا سوپاسی هاوریم هەلالە رافع دەکەم بۆ ماندووبونیك لەسازدانی ئەم کۆنفرانسەو دانی فرسەتێك بە ئیمە تابتوانین پیکەوە کۆببینەوە ولەبارەی بزوتنەوەی ژنان ومەسەلەکانیانەوە قسەوباس بکەین..

باسی من ئەمرۆ لە ژێر ناوی "ئێرەو ئەوێ ودیاردەی کوشتنی ناموسی ژنان...کوردستانی عێراق وەك نمونەیەك" دایە..

ئاشکرایە کوشتنی ژنان لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست بەبەهانەی شەرەف وناموس دیاردەیەکی تراژیدی باوە وبەرۆکی بەهەمووژنان گرتوە، لەمبارەوە هەموومان ئاشنایین بەم مەسەلەیە وکەم تا زۆر هەوالە دلتەزینەکانیمان بیستووە..باسی منیش لەسەر ئەم مەسەلەیەیە و بەتایبەتی وەك دیاردەیەکی تال لەکوردستانی عیراق ..

لە کوردستان هەوالەکانی کوشتنی ژنان بەپێی راگەیاندنی رێکخراوەکانی ژنان تائێستا زیاتر لە 9000 ژنی کردۆتە قوربانی، ئەمانە یاخۆیان کوشتووە وەیا لەسەر شەقام ولەنێو کۆلان ومالەکانی خۆیاندا بەبەرچاوی خەلکەوە تیرۆرکروان وەیاخود گیانیان قەسابی کراوە ولاشەیان پارچەپارچەکراوە.. ئەم رووداونەش ئاشکرایان کردووە کەزوربەی حالەتەکانی کوشتن وتیرۆری ژنان لەسەر کۆمەلە مەسەلەیەك بووە کەپەیوەندیان بەنەسەلماندن وژێر پێ نانی سەرەتاتیترین مافی ئازادییە شەخسی وئینسانیی‌یەکانی ژنانەوە بووە لەوانەش پەیوەندی خۆشەویستی لەدەرەوەی خێزان ودابونەریتی باو..یان بەهۆی رەفزی زواجی بەزۆر وداوای تەلاق، بەتایبەتی ئەگەر ژن داوایان کردبێت، تەنانەت ئەم روداوانە حالەتی وانیشان دەدەن کەتەنها شکێك بەس بووە بۆ کوشتنی کچیك وەیا ژنێك، کە پەیوەندی خۆشەویستی هەبێ، لەمەش لەخوارتر خۆ ئارایشت کردن و جلوبەرگ پۆشینیك کەلەگەل فەرهەنگی باوو ئارەزووی پیاواندا نەهاتبیتەوە، وەیان سەفەرکردنیك بە تەنها بەس بوون بۆئەوە کاربەوە بگات کچەکە وەیا ژنەکە لەلایەن مێردەکەیەوە بکوژرێ...لەمەش زیاتر رووداوەکانی کوشتنی ژنان و ئەو مەسەلانەی کە وەك بەهانە لەلایەن میرد وبراوباوك و خیزان ودەسەلات وکومەلگاوە بەدەستەوە گیراوە، ئەوە دەسەلمینن کەژنان وەك تاکێکی کۆمەلایەتی کە ماف وحورمەتی شەخصی خۆیان هەیە، لەبەرچاوناگیری وبەیەکجاری دەسریتەوە بۆیە دەتوانری بەمجۆرەی لەگەلدا بکری. بەلام "کوشتنی ژنان بەبەهانەی ناموسی" لەنمونەی کوردستانی عیراقدا بەچەند تایبەتمەندی لەرووداوەکانی کوشتنی ژنان لەولاتانی تر خۆی جیادەکاتەوە کەلیرەدا سەرنجی ئیوەی بۆ رادەکیشم:

یەکەم: تاوانکانی کوشتنی ژنان لەکوردستانی عیراق نمونەیە لەجینۆساید ورەشەکوژی بەکۆمەل نیشان ئەدەن تا هەر حالەتیکیتر. بەبروای من هەلەیە کە نمونەکانی ئەمتاوانە لەکوردستانی عیراق بە"کوشتنی ناموسی" ناوببەین، بەتایبەتی ئەمە یەك تیرۆریزم ویەك کەمپینی ئینسان کوژیە. نمونەی ئاوا لەهیچ یەك لەولاتانی رۆژ هەلات بەم جۆرە شەپۆلی نەداوە هەوالەکانی لەکورت ماوەدا دوویات وچەندپات نەبۆتەوە. بۆنمونە ئەگەر سەرنج لەرووداوەکانی کوشتنی ژنان بەبەهانەی"ناموس" لەژێر سایەی رەشترین دەسەلاتی ئیسلامی لە ئەفغانستان وئێران بدەین، ئەوە دەبینینەوە کەتاوانەکانی کوشتنی ژنان لەم وولاتانە هەرچونیك روالەتیش بوبیت مەسەلەی یاسا و بەبریاری دادگای بەشوین خویدا هیناوەتە کایەوە وئەوکاتە "مەراسیمی بەردەباران" بەریوەچوون. تەنانەت لەم ولاتانەی حالەتەکانی کوشتن هەرگیز وانەبووە رۆژانەو هەفتانەو مانگانە وسالانە لەچەند حالەتی تۆمارکاو تیپەربیت. بەلام لەکوردستانی عیراق کۆشتنی ژنان بەتایبەتی لەسالەکانی 91 بۆسەرەوە وەك شەپۆلیك خۆی نیشان ئەدات کەئامارەکانی لەمانگ وسالی وادا هەبووە بە ریژەی 300 و500 وهەزاریش

گەیشتووە. پاشان نمونەکانی کوردستانی عیراق هیچ یاسا ودادگایەك ناهینیتە پیشەوە، بەلکو کوشتنی ژنان حالەتی تیرۆر ورەشەکوژی هەیە وژنان لەخەودا، لەسەر شوینی کارەکەی لەسەر جادەو لەنیو خیزان وژیانی ئاسایدا دەکەونە بەردەستریژی کوللەو چەقوی نزیکترین کەسان بەخۆیان.. ئەمە جینوساید ورەشەکوژی وکوشتنی بەکۆمەلی ژنانە، ئەمە یەك تیرۆریزمی کویرانەیە و زۆرتر نزیکایەتی بەتاوانەکانی هەلبجەو رەوەندا وتیرۆریزمیك هەیە کەلەجەزائیر روویانداوە ،تا کۆشتنێکی سادە و روتینی نیو نیزاعاتی فەرهەنگی وکۆمەلایەتی.

دووەم: تاوانەکانی کوشتنی ژنان لە کوردستانی عیراق نیشان دەدەن کە"تاوان وکوشتنیکی ریکخراوە" وئەحزابی سیاسی قانون، چەکدار، خیزان، وئەفرادی صلاحیەتدار تیابەشدارن. دیاردەیەکی ئاوەهاش دیاردەی سەردەمی "رزگاری نەتەوەیی"و هاتنە کایەوەی "دەسەلاتی خۆمالی"یە. کوردستانی عیراق سالی 91 راپەرینی جەماوەری هاتە ئاراوە خەلکی کوردستان بۆ رزگاری لەستەمی نەتەوایەتی وتاوانیك کەرژێمی بەعس بەسەر خەلکدا دایسەپاند بەشداریان لەراپەریندا کرد وبەرهەمی ئەم بەشداربوونەیان بەوەگەیشت کەلەژیانیکی بەدور لەتاوانە بەکۆمەل کوژیەکانی بەعس ژیان بکەن. پیاوان بەرزگاری خۆیان گەیشتن وکوردستان بەکردەوە لەژیر دەسەلاتی بەعس هاتەدەرەوە، بەلام یەکەم کاریك کە ئەحزابی کوردی لەدژی ژنان بەرییان خست کوشتنی ژنان بوو بەبەهانەی ئەخلاق وشەرەف وناموس، ئەم حیزبانە خویان دەستیان پیکردو پاشان فرسەتیاندا هەموو کۆمەلگا وخیزان لەدژی ژنان هانبدرین. بەمجۆرە تاوانەکانی کوشتنی ژنان لەکوردستانی عیراق بەرهەمی سەردەمانی راپەرین و رزگاری نەتەوەیە، تائەوەی لەژیر دەسەلاتی موستەبد وئاسایدا رویان دابن. سەردەمانیك کەدەسەلاتی خۆیی واتە دەسەلاتێکی "کوردی" حوکم دەکات وئیتر هیچ بیانویەك بۆ ئەوە ناهیلیتەوە کەلەژیر دەستی دەسەلاتی بیگانەدابن و ئەم تاوانەنانەش بەر هەمی کاریگەری دابو نەریتێکی ترە .

سیهەم: رووداوەکانی کوشتنی ژنان لەنمونەی کوردستانی عیراقدا بەدەستی ئازیزانی خۆیان ولەلایەن براو باوك ومیردو ئەندامانی خیزانەوە بەئاشکراو بەبەرچاوی خەلکەوەروویانداوە وتارادەیەکی زۆریش کۆمەلگا قبولی کردوە، حالەت ونمونەیەکی ئاواش کەمترین رێگا بۆ بەرپەچدانەوە و راوەستانەوە لەدژی دەهێلیتەوە. لەیەك وتەدا ئەتوانم بلێم کە کوشتنی ژنان  لەکوردستانی عیراقدا یەك مۆدە و بۆتە مۆد ومۆدیلیك بۆشانازی کردنی پیاوان وکۆمەلگا، بەپلەیەك کەحالەتەکانی لەولاتانیتردا دەگمەنن.

بەلام بەدوای ئەم قسانەی مندا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە:

ئایابەراستی ئەوەچیە وادەکات ژنان و کچان بەم شیوەیەو لەتراژیدیایەکی ئەوپەری نائینسانی و وەحشیگەریدا، تیرۆربکرین و بەئاشکراو بەبەرچاوی خەلکەوە و لەلایەن ئازیزانی خۆیانەوە  جەستەیان شەلالی خوین بکری؟.. لەوەلامی ئەم پرسیارەدا چەند پرسیاری تر خۆی دەخاتە روو کە ئامارە پیدان و وەلامدانەوەی پێیان ئەبیتە بنامەی دریژەدان بەباسەکەی من، کەوایە: کوشتنی ناموسی خۆی چیە؟ ئەم دیاردەیە لەچ کاتیکدا و لەلایەن کێوە دەستی پیکردو هەلومەرجەکانی پەرەگرتنی لەکوردستانی عیراق چین؟ هەلویستی ریکخراوەکانی ژنان چی بوو لەم دیاردەیە لەسەرەتادا چونبوو وە دواتر بەچی گەیشت؟ هۆکاری گواستنەوەی ئەم دیاردەیەو دوو پاتبوونەوەی لەولاتانی ئەوروپاچیە؟ ولەئاخریشدا رێگا چارە چیە ودەبی چیبکەین بۆئەوەی ئەم خوین لەبەر رۆیشتنەی کەلەبەرامبەر نیوەی کۆمەلگادا بەریخراوە، هەم لە کوردستان وهەم لە ولاتانی ئەوروپا؟ بەلام سەرەتا کوشتنی ناموسی چیە وچ پیناسەیەکمان بۆ هەیە؟

کوشتنی ژنان بەبەهانەی "ناموس" فۆرمێکی جیاوازە لە توند تیژی کەدەرهەق بەژنان دەکری. کوشتنیك کەلەلایەن پیاوەوە (باوك، برا، مێرد، مام..) وهەندجار ژنیش واتە دایك خوشك بەشدار دەبن لەم پیلانەدا، بەرئەنجامی ئەو تیروانینە سێکسیزمەیە لە کۆمەلگادا کە ژنان نەك وەك ئینسان و تەنانەت وەك هاولاتییەك تەماشاناکات، بەلکو وەك بەشێك لە شەرەف وناموسی پیاوان و خێزان و تیرە ونەتەوە سەیر دەکات. ریشەی ئەمەش لە فەرهەنگی ئیسلامی ونەتەوایەتیدایە.

دەسەلات لەهەر کۆمەلگایەکدا بەدەست چ گروپ وتاقمیکەوە بیت، فەرهەنگ وپیوانە ئەخلاقیەکانیش بەپی بەرژەوەندی وپیوانەکانی هەرئەو گروپ وتاقمانە دەچیتە پیشەوە وهەرئەوە زال دەبی کەلەبەرژەوەندیە سیاسی وئایدیۆلۆژیەکانی ئەواندایە. ئالودەبوونی کۆمەلگای کوردستان بەبۆچوون وئەخلاقیات وفەرهەنگی پیاوسالاری و مەزهەبی ونیشاندانی وەك باوەری زۆربەی خەلکی، تەنها بەم هۆیەوەیە. ئەوەی نەك ئازادیە فەردیەکانی ژنان ناسەلمێندریت، بەلکو ژنان خۆیان دەبنە سەرچاوەیەك بۆ شەرم هێنان و تیروانینێکی سیکسیزمانە..لەم بۆ چونەوە ماف بەپیاو دەدری بەناوی "پاریزگاری لە ناموسی خیزان" کە هیچ کەس ناتوانی پیناسەی بۆبکات ژنان کۆنترۆل بکری و ژیانی بسپیردریت بەکەسانیك کەلەدەرەوەی خۆیەتی وهەرکاتیش ئەم کەسانە کردەوەیەکیان لێبینی وەیا بەخواستی ئەوان نەبوو وەیا بەپێچەوانەی فەرهەنگیکەوە بوو کە ئەوان باوەریان پی هەیە ئەوا مافیان هەیە دەست بەرن بۆ لوتبرین وئەتککردن و تەنانەت کوشتنی . چوارچیوەیەکی ئاوا ژنان دەکاتە کالایەك بۆمولکیەتی پیاو لەخیزاندا و مافی ئەوەی دەداتی کەچون دەیەویت مامەلەی لەگەلدابکا، تەنانەت وەك ئەوەی کەلەتیابردن وسرینەوەی وجودیدا بریاربداو بیکوژیت.

بەلام ئەم دیاردەیە چۆن پەرەی گرت؟؟ لە کوردستانی عیراق ئەگەرچی کوشتنی ژنان بەبەهانەی"ناموس" پیشینەی هەیە بەلام ئەم دیاردەیە لە سالەکانی 1991 بەدواوە پەرە دەستێنی تاکار بەوە دەگات دەبیتە مۆد ودیاردەیەکی رۆژ. بەدوای راپەرینی ئازار وکرانەوەی فرسەت بۆ ئەوەی هەموو خەلك چەکداربن، هاوکات لەگەل ئەوەی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لەوانە پارتی ویەکیتی بە هاوکاری لەگەل گروپە ئیسلامیەکاندا کەپیشتر لە بەرەیەکدا بەناوی "بەرەی کوردستانی" خۆیان رێکخستبوو، لە تەوازن قوایەکی خەلك و رژیمی بەعسدا و لە چوارچیوەی کیشمەکیشی ئەمریکاو رژیمی بەعسدا کۆنترۆلی شارەکانی کوردستانیان کەوتە دەست و یەکەمین کاریك کە بریاریان لەسەردا، کوشتنی ژنان بوو بە شێوەیەکی سستماتیك. بەپی ئەم بریارەش سەرەتا کوشتنی ئەوژنانەیان بەدەستەوەگرت کەبەکاری لەشفرۆشی یەوە ناوزەندبووبون و پاشان ژنانیکی گرتەوە کەگوایە سەربەرژێمی بەعس بوون وهاوکاریانکردووە. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە لەریزی هەر ئەو پارتانەدا، ژمارەیەك لەپیاوانی سەرۆك "چاش"و"ئەفواجی خەفیفە"وپیاوانی ناسراوی سەر بەرژیمی بەعس لەریزەکانیاندا کۆبوونەوە و هەمووداندە دران وبگرە مسئولیەتیشیان پێدرا. بەلام کارەساتەکان وابوو کاتیك ئەحزابی کوردی دەستیان دایە کوشتنی ژنان پیاوان هەموویان چەکداربوون وئەم دیاردەیەش خیزان وکۆچەو بەریوەبەرایەتی و هەموو شوینیکی کۆمەلگای گرتەوە وبەمجورەش هەرئەو بەهانانەی یەکیتی وپارتی و ئەحزابی ئیسلامی بۆ کوشتنی ژنان بەدەستیانەوەبوو، گویزرایانەوە بۆ نیو خەلك و حالەتی ئەوەی پیکهینا کە براوباوك ومیرد وهەرپیاوێکی نێوخیزان بەدەستیەوە بگرن ولەکوشتنی ژنانی نێو خێزانەکانیاندا بەکاری بەرن وشانازی بەوەوە بکەن کاتیك ژنەکانیان لەسەر حالەتێکی"ئەخلاقی" بەقسەی خویان کوشتبیت. بەلام ئەمە هیشتا هەموو حالەتەکە نیە. ئەحزابی ناسیونالیستی کورد کە نەك هیچ بەرنامەیەکیان بۆ ئالوگۆری لە ژیانی خەلکدا پێ نەبوو، وە ئامادەش نەبوون یاسایەك لە کوردستاندا دابنین کەماف وئازادیەکانی خەلك لەوانە ماف وئازادیە فەردی ومەدەنیەکانی ژنان بەریوە ببەن !! بەلکو دیسانەوە گەرانەوە بۆ قانونەکانی رژیمی بەعس، یاسای ئەحوالی شەخصی عیراقیان بەدەستەوەگرت، یاسایەك بە ئاشکرا لەسەر ئەپارتایدی جنسی دامەزراوە وکوشتنی ناموسی ژنانی رەسمیەت پیدەدا. لەمانەش زیاتر دەسەلاتدارانی کورد بۆ تەواوکردنی کابینەکانی دەسەلات وراگرتنی توازنی سیاسی خۆیان مەسەلەی ژنانیان کردە کارتیك بۆسازان وپیکهاتنی سیاسیان لەگەل کۆنەپەرستانی ئیسلامی ودابونەریتیکی دواکەوتوانە و خیلەکیدا کەبە ناوی موقەدەساتی نەتەوەییەوە تەعبیری لیکرا. لەقەلەم دانی کوردستان وەك کۆمەلگایەکی خۆپاریز وتەقلیدی ومەزهەبی بەهانەیەك بوو بۆ ئەوەی بەهۆیەوە پەلاماری ژنانی پێبدەن ودژایەتی ئازادیو مافە تایبەتی ومەدەنیەکانی ئەوانی پیبکەن ..لەم نێوەشدا ئیسلامیەکان بالادەست بوون بۆ چەسپاندنی سیاستی خۆیان وبە ئیسلامی کردنی کۆمەلگا. کوشتنی ژنان، حجابی بەزۆر، تەقاندنەوەی صالۆنی قژبرین، رشتنی تیزاب بەقاچی کچان، هەرەشە لەکچانیك کە جلوبەرگی مەدەنیان

ئەپۆشی..ئەمانە هەمووی دەرگای کردەوە کە جەوی پیاوسالاری وناموس پەرستی وبەکەم سەیرکردنی ژنان پێك بێت ودەستی کۆنەپەرستان ئاوەلابکات بۆ شەپۆلی کوشتنی ژنان، تارادەی ئەوەی باوك وبراو مێرد بەشانازی وبەبەرچاوی خەلکەوە بکەونە کوشتنی ژنان وە تارادەی ئەوەی کۆمەلگا ئەم تراژدیایە قبول بکات.

هەر ئەوکاتە زۆر لە کەسانی رادیکال و ئازادی خواز وکۆمۆنیستەکان، تەنانەت ژنانیك کەلەپال حزبی دەسەلاتداردابوون ئیدانەی ئەم کردەوەیەیان کرد بەلام هەر زوو کەوتنە بەر هەرەشەی حزبی دەسەلاتدارو بەتۆمەتی داکۆکی کردن لەبێئەخلاقی و تەنانەت رێکخراوەکانی خۆیان وژنانی خۆیان تاوانبارکرد بەوەی داکۆکی لە فساد ئەکەن، حالەتەکانی کوشتنی ژنان دریژەی کیشا.

بەلام ئەحزابی کوردی نەیان توانی ئەم وەزعە بەو بەهانانەوە کەهەیانە دریژەی پیبدەن بەتایبەتی بەدوای ئەوەدا کەبزوتنەوەی ژنان ورابەرانی جبهەی رادیکال ومەدەنی بەهێزێکی گەورەتر هاتنە مەیدان ولەونیوەشدا سەرهەلدانی "رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان" بووە فاکتۆریکی سەرەکی کەبالانسی وەزعەکەو تیروانی کۆمەلگا وپیکهاتووەکانی بەلایەکی‌تردا بگۆری ودەسەلاتدارانیش بخاتە ژێر فشارەوە و ناچاریان بکات بەگۆرینی هەلویستەکانیان، هەرچەندە روالەتیش بیت. تاوای لێهات رێکخراوەکانی سەربە پارتە دەسەلاتدارەکان، دژی کوشتنی ناموسی ژنان قسەبکەن ولەناوەندی هاوبەشی ریکخراوەکانی ژناندا کۆببنەوە وسەرەنجامیش لەئەنجامی زنجیرە چلاکی‌یەکی رۆشنگەری وسازدانی نارەزایەتی وخۆپیشاندانەوە، لەوانە خۆپیشاندانی هەزاران کەسی 8 مارتی 1999 کەسونبلی ئەم بزوتنەوە رادیکالە بوو لەکوردستان، دەسەلاتداران ناچاربوون بەوەی لەسالی 2000دا کە قەراریك بەدژی کوشتنی ناموسی دەرکەن..کەئەویش بەقەراری 59 ناسراوە.

بەلام ئەم قەرارە کە خۆی وەك دەستکەوتیك لەئاکامی چەندسال خەبات ونارەزایەتی بزوتنەوەی‌ژنان ویەکسانی خوازی و کۆمۆنیستەکانەوە بەدەستهات، نەیتوانی بەربەکارەساتەکانی کوشتنی ژنان بگری.چونکە چوارچیوەی کۆمەلایەتی و یاسا و شێوەی دەسەلات وئەوکاراکتەرانەی لەخولقاندنی تاوانەکانی کوشتنی ژناندا دەوریان هەبوو بەدەست لینەدراو وەك خۆیان مابوونەوە.

ئەم قەرارە نەی توانیوە کۆتایی بەکوشتنی ناموسی بینێ چونکە ئەم قەرارە تەنها بۆ کل کردنە چاوی خەلك بوو هیچی تر، هۆکەشی بەپلەی یەکەم ئەوەبوو کەدەرکردنی قەراریك لە چوارچێوەی قانونێکی کۆنەپەرستانەی دەسەلاتدا ئەتوانی چ ئالگۆری بەوەزعی ژناندا بینێ؟ بێ شك نەخێر.. چونکە بۆ رێگرتن بە کوشتنی ناموسی سەرەتا دەبی مافە ئینسانی وسەرەتایی‌یەکانی ژنان لەهەموو ئاستیکدا بەرەسمی بەیاسا بناسری وکۆمەلگاش بەم یاسا وبریارانەوە پەیوەستبکری. بەتایبەتی "کوشتنی ناموسی"بەهۆی نەسەلماندنی مافی ئازادو یەکسان بۆ ژنان لەپەیوەندی بەزواج وجیابونەوە، سەفەرکردن وتێکەلاوبوون، تەنانت جلوبەرگ پۆشین، شهادەت، میرات، مافی مندالداری زۆر بابەتی تر .. تا ئەم مافانە بەرەسمی بۆ ژنان نەناسرین دانانی قەرارێکی وا چی دەگۆریت لە چوارچێوەی قانونێکی مەزهەبی وفاشیستیدا؟!. بۆیە هەردوای دەرکردنی قانونەکە وەزیری ئەوقاف نارەزایەتی قەرارەکەی کرد. کاری پێنەکرا وەهەر لەدەمی رێکخراوەکانی ژنان خۆیانەوە هەمیشە تاکید لەوەکراوە کەلەسەر کەیسی کوشتنی ناموسی هیچ ئیقدامیك نەکراوە..واتە هەرئەم قەرارە هەر ئەوکاتەی لەدایك بوو لە باریشچوو..

بەمجۆە ئەگەر قسەکانم کورت بکەمەوە: پەرەگرتنی دیاردەی کوشتنی ژنان زادەی دەسەلاتی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد وئیسلامی سیاسی و فەرهەنگیکی پیاوسالاری ویاسایەکە کەئەمانە پاریزەرین لەکوردستاندا. وەتا ئەمانە بمێنی کوشتنی ژنانیش بەحالەتی خۆیەوە دەمینیتەوە.

بەلام ئەگەر لەوێ یانی لەکوردستان دیاردەی "کوشتنی ژنان بەبەهانەی ناموسی" لەم چوارچیوەیەدا و بەهۆی ئەم هۆکارانەوە رویاندابێ وئیستاش دریژەیان ببێ. ئەم دیاردەیە بۆ لیرە لەولاتانی ئەوروپا روو دەداتەوە وچۆن نقل دەبێ بۆ ئەم وولاتانە؟
کاتی فرسەت بۆ ژنانی کوردستان ئەرەخسی کوردستان بەجێبهێلن درووبکەنە وولاتانی ئەوروپا، یانی وولاتانیك کەئازادی بەهۆی خەباتی خەلکەوە تارادەیەك چەسپاوە وژنان لە باری قانونیەوە لەگەل پیاواندا مافەکانیان بەیەکسانی لەزۆر بواردا بەرەسمی ناسراوە، کەچی لیرەش دەبینی تراژیدیای کوشتنی ناموسی یەخە بەژنانی کوردستان دەگرێ وهەرەشەی کوشتن دەبیتە سونەتێکی باوی ناو خێزانی کورد، بەتایبەتی کاتی کە ژنان بیانەوەی ممارەسەی مافە مەدەنیەکانی خۆیان بکەن لەوولاتانی ئەوروپادا. بەلام هۆکاری ئەمە چیە؟؟
دووبارەبونەوەی "کوشتنی ناموسی ژنان" لەشەرایتێکی خۆی خۆمالیدا خۆی دووبارە دەکاتەوە کەناوەندەکەی "خێزانی کۆمینتیی کوردی‌یە" نەك کۆمەلگای ئەوروپایی. ئەگەر دلۆپێك لەئاوی دەریا وەربگرین و بیگویزینەوە بۆ هەر شوینیکی تر، بەبی شك هەموو کاراکتەر و پیکهاتن و رەوشتەکانی خوی دەگویزیتەوە. ژنانی کوردستانیش کەلەخیزانێکدا پێکدین دەبنەوە هەمان دلۆپی ئەو ئاوەی کە کوردستان وخاسیەتەکانی دەریاکەیەتی هەربۆیە هەلگری هەمان پێوەری میللی ومەزهەبی‌یە کەلێوەی هاتووە. بەلام ئەمە تەنها لایەکی مەسەلەکەیە ئەم خاسیەت وپیوەرانە وەختێك چالاك دەبنەوە و رووداوەکانی کوشتنی ژنانی لێدەکەویتەوە، کەلەولاتانی ئەوروپا ژنان بەپێوانە جیهانی وئینسانی‌یەکان ولەسەر بناغەی هەویەتی کۆمەلایەتی هاوبەش ویەکسان، مافەکانیان رەچاوناکری، بەلکو سیاسەتی کەمپسازی وجیاکردنەوەی پەنابەران وهەزارویەك ریگری‌تر کە دەولەتانی ئەوروپا لەبەرانبەر پەنابەراندا دایدەنێن وبەربەست لەسەر رێگای خێرای پرۆسەی تیکەلاوبون دای دەنێن و دواتریش کە مافی پەنابەریتی‌یان پێدەدەن بەپێی ئەو سیاسەتانە مامەلە لەگەل ژناندا دەکری کە پشتی بە بۆچوونەکانی نسبیەتی فەرهەنگی‌یەوە داوەو هاندانی کۆمیونیەتەکان بۆ ممارەسەی فەرهەنگ ومەزهەبی خۆیان دەدات.
ئەمەش ئاکامەکەی بە ئیزۆلەکردنی کۆمینتی‌یەکان ودابرانیان لەرەوتی فەرهەنگی پیشکەوتووی کۆمەلایەتی وسەرەنجام راگرتنیان بەیەك بنبەستی کۆمەلایەتی دەگات. حالەتێکی ئاواش خێزانی کوردی بۆپێکهاتەکانی خۆی دەگەرێتەوە ولەگەل هەرقەیرانێکی شەخسی وعاتفیدا کوشتنی ژنان دەکاتە وەلامێك بۆی. ئەگەر سەرنج بدەین لە وولاتێکی وەك سویدا ریگەیان داوە بە کۆمیونتیە جیاوازەکان کە مامەلە لەگەل کچان وژناندا بەپێی رەسم وقانونی وولاتی خۆیان بکەن، ئەمە وادەکات ئەو خێزانانە تێکەلاو نەبن وە تەنها لەچوارچێوەی فەرهەنگ و دابونەریتی خۆمالیدا بمێننەوە هەروەك هیچ شتێك نەگۆرابی.کاتێکیش مندالانی ئەم خێزانانە گەورەدەبن لە نێوان فەرهەنگی ئەوروپایی و فەرهەنگی خۆمالیدا توشی پێکدادانیك دەبن کەلەلایەن دایك وباوك و گەورەسالانەوە پەسەند ناکری وسەرەنجام کارەساتی گەورەی لێدەبێتەوە. ":کوشتنی ناموسی" زواجی بەزۆرو زیندانی کردنی کچان و رێگا لێگرتنیان لە ممارەسەی ئارەزوەکانیان..و چەندین حالەتی‌تر ..هەموو ئەمانەش بەرهەمی ئەو واقعیەتەیە کە ژنانی کورد لەئەوروپاش لەگەلی بەرەو روون..
بەلام بۆ کۆتایی هێنان بەم تراژیدیایەو بەرگرتن پێی دەبێ چیبکرێ؟ دەبێ هەم لیرە و هەم لەکوردستان چی‌بکەین تا ئەم دیاردە دزێوە و ئاکامە مەرگیهنەکانی لەسەر ژنانی کوردستان هەلگرین؟
لەمبارەوە من سەرخەتی پلاتفۆرمیك دەخەمەروو کەزۆرجار لەپەیوەند دەزگا بەرپرسەکانی بریتانیادا باسم کردووە خستومەتەروو.. هیوادارم ئیوەش لەمبارەوە ئەگەر هەر سەرنج وتیبینی‌یەکتان هەیە بیلێن تا بەهەموو مان بەئەنجامیکی عەمەلی بۆچارەسەری ئەم دیاردەیە بگەین:
یەکەم: دەبی ئەم دیاردەیە لەسەر چاوەکەیەوە هەولی بنبرکردنی بۆبدریت، یانی دەبی لەکوردستان کارێك بکەین کەهۆکارەکانی کوشتنی ژنان نەهێلین یان لایەنی کەم کەمبکرینەوە بۆئەمەش:

1- دەبی کوردستان بیتیە دەولەت، دەولەتێکی سکولاری نادینی ناقەومی لەسەر بناغەی هاولاتیانی یەکسان بەبی جیاوازی رەگەز وئاین و نەتەوە دامەزرابی.

2- دین دەبی لەدەسەلات لە یاسا لە پەروەردەو فێرکردن جیابکریتەوە ووەك ئەمری تایبەتی ئەفراد مامەلەی لەگەل بکری ونابی بەهیچ جۆرێك ئاین بکریتە سەرچاوەی دانانی یاساو پیناسەی ماف وئازادیەکانی ئەفراد.

3- لەجێگەی یاسای کەسایەتی دەبی یاسای یەکسانی ژن وپیاو دابمەزریت وماف وئازادییە شەخسی وکۆمەلایەتیەکانی ژنان بەپێوانەیەکی جیهانی جێگیربکریت لەو یاسایەدا.

4-دەبێ یاسای سزا لەبەرامبە تاوانبارانی کوشتنی ناموسی دابنری هیچ بەهانەیەك قبول نەکری بۆ ئەم تاوانە.

هاوکات بۆ بەرگرتن لەدووپات نەبوونەوەی تاوانەکانی کوشتنی ژنان لەدەرەوەی ولات وولاتانی ئەوروپا دەبی لەدەوری ئەم لائیحەیە تیبکۆشین و وەك یاسایەکی نیونەتەوەیی لە ناوەندە بریاردەرە جیهانیەکاندا جیگیری بکەین:

1-یەکسان بوونی هەمووان لەبەرامبەر یاسادا, هیچ بەهانەیەك قبول نەکریت بۆ ئەو کەسانەی کوشتن وتوند وتیژی لەدژی ژنان ومنالان ئەنجام دەدەن. وهیچ تەبریریکی فەرهەنگی دینی وقەومی وپیاوسالاری بۆ ئەم تاوانانە قبول نەکرێ. ژنانی پەنابەر وەك هەموو ژنانی بریتانیا یەکسانن لەماف و ئازادییە فەردی و مەدەنیەکانیان, وژێر پێنانی ئەم مافە لەلایەن براو باوك ومیردەوە بەتاوانی گەورە حساب بکریت.

2-حیجابی کچانی خوار 16 سال و خەتەنەی منالان قەدەغەیە وەدەبیت بەیاسایەك رابگەیەندریت.

3-هەلوەشاندنەوەی قوتابخانە ئاینیەکان وراگرتنی هەرجۆرە ئیمکاناتێکی دەولەتی بۆ دامەزراوەیەکی ئاینی وقەومی کە ناکۆکیان هەیە لەگەل ئازادی ومافە شەخسیەکانی ژنان ومنالان.

4-کۆتایی هێنان بە جیاکردنەوەی کەمایەتیەکان وهەلوەشاندنەوەی سیاسەتی کەمپسازی پەنابەران ودانانی بەرنامەیەکی چالاك بۆ تیکەلاوبوونی ژنان ومنالانی پەنابەر و پەروەردەکردنیان بە فەرهەنگی پیشکەوتوو ئینسانی وهاوچەرغ.

5-دەولەت ئەرکیەتی کە لە دژی هەرجۆرە فەرهەنگیکی پیاوسالار وناموسپەرستانە ودژە ژن بوون رابوەستی ولەرێگای دەزگاکانی راگەیاندنەوە بەرنامەی هۆشیارکردنەوە ورۆشنگەری لەنێو پەنابەراندا بەفراوانی بەریتە پیشەوە.

6-حساس بوونی دەولەت بەهەرەشەکانی کوشتنی ژنان و توند وتیژیەك کەلەنێوان خیزانی پەناپەراندا بەرەو رووی ژنان دەبیتەوە لەمبارەوە کردنەوەی شیلتەر بۆ پارێزگاری لەژنان وناوەندی فریاگوزاری وبەهانا چوونی خێرای ئەو ژنانەوە کە مەترسی کوشتن وزەبروزەنگیان لەسەرە.

7-فشار هینان بۆ دەولەتانی رۆژهەلات لەوانەش بۆ دەسەلاتدارانیکوردستان بۆ هەلوەشاندنەوەی یاسای باری کەسیتی وسزا کەپشتیان بە شەریعەتی ئیسلام وموقەدەساتی قەومیەوە داوە و لەجێگەیدا پەیرەویکردن لە یاسایەك کەمافی یەکسانی ژن وپیاو لەهەموو بوارەکاندی ژیاندا بسەمێنی..

لەکۆتایدا ئەمە باسی ولیکدانەوە ریگاچارەی من بوو..لەبەرامبەر دیاردەی کوشتنی ژناندا.. هیوادارم ئیزافەیەکم بۆ سەر زانیاریەکانی ئیوە کردبی و هەمووبتوانین لەدژی ئەم تاوانە هەنگاوی گەورە هەلگرین..ئیتر سوپاستان دەکەم وهەربژین..

سەوسەن سەلیم

2005-2-19